لیستا کوردستانی، لیستا تەیە

خەبات وەرزش









## دریسی ریال مەدرید بۆ وەرزی 2010/2009



یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کە ئەمساڵ زۆر بە باشی خۆی ئامادەدەکات تا لە وەرزی داهاتوودا هاوسەنگیی خۆی بگێڕێتەوە و سەر لە نوێ نازناوەکان بخاتەوە هەگبەیەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ وەرزی داهاتوو چەند گۆڕانکارییەکی لە دریسی یانەکەیدا دەکات..
دریسی یانەی ریال بۆ وەرزی 2010/2009 ئامادەکردووە بەڵام گۆڕانکاری سادەی تیادا کردووە و هەر وەک لەوێنەکەدا دیارە کە ریال هەروا لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداس بەردەوامە.

یەکشەممە 2009/6/28 ژمارە 237




بۆگیانی وەرزش

## فاوڵێکی نزیک بۆ سەر ئیدارەی یانەی پیرس

**بۆتان جەلال**

بەهەر بیانوویەک و مەبەستێک بوایە، دەبوو ئیدارەی یانەی پیرس ڕێگا بە خۆیان و هاندەرانیان نەدەن یارییەکەی نێوانیان لەگەڵ یانەی هەولێر کە لە چوارچێوەی خولی نایابی ئێراق بەو ئەنجامە ناشایستە و ناشیرینە کۆتایی پێبهاتبایە، لەبەر چەند هۆیەک، لە پێشەوە بڕیاری ژماردنی لێدانی سزاکە بڕیارێکی ناوبژیوانی یارییەکە بوو ناوبژیوانیش پادشا و دەمڕاستی یاسایە، کە تۆ بە بڕیاری ناوبژیوان ڕازی نابیت، واتە سەرپێچیی یاسا دەکەیت و ڕۆحی وەرزشیت نییە، تۆپی پێ یارییەکە بۆ زۆر حاڵەتی هونەری بیروسەرنجی جیاواز هەڵدەگرێ، هەر یاریزان و ئیدارەی هەر یانەیەک بە میزاجی خۆیان لێکیبدەنەوە و بڕیاری لەسەر بدەن، هەرگیز یەک یاریی تۆپی پێ بێ مشتومڕی و ڕای جیاواز تەواو ناکرێت، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ هەموو یاریزانەکان و ئیدارەکانیان بە بڕیاری ناوبژیوان قایل بن و ملکەچی یاسا ببن.

لە لایەکی دیکەوە، یانەی هەولێر یانەیەکی کوردستانییە و ئێستا لە پێشەنگی گرووپەکەیەتی و زۆر نزیکە لەوەی ببێتە پاڵەوانی کۆمەڵەکەی و چاوەڕوانیش دەکرێ بۆ جاری سێیەم ببێتە پاڵەوانی خولی نایابی ئێراق، ئەنجامی یارییەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ سەر یانەی پیرس نییە، حەقی وابوو ئیدارەی پیرس بە سەرکەوتن یان دۆڕاندن دڵتەنگ نەبن لە کاتێکدا یانەی هەولێر نموونەی یانەیەکی بەهێز و ناوداری هەموو کوردستانە و مایەی شانازییە هەموو خەڵکی کوردستان و نوێنەرایەتی لە گۆڕەپان و سەکۆکانی ئاسیا و بگرە هەموو جیهانیش.. بۆ ئەمڕۆی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان وای دەخواست وێنەیەکی جوان و تەبایی و هاونەتەوەیەتیمان بە میدیاکانی دنیا ببەخشیبایە، نەک لەسەر لێدانێکی سزا ئەو دیمەنە ناشیرن و ناوەرزشیانەمان پیشانی خەڵک بدابایە، من نازانم چۆن دەبێ هاندەران ڕێگا لە ناوبژیوان بگرن تا بڕیارەکانی لەناو یاریگە جێبەجێ نەکات، خۆ دارستان نییە هەرکەس بۆ خۆی پادشا بێت، کوا ئیدارە، کوا پارێزەرانی یاریگە و پۆلیس و .. بەڕاستی ئەوەی لە یاریگەی پیرس ڕوویدا جێگای داخ و سەرسوڕمانە، هیچ نەبێ دەبوایە پاش یارییەکە کە "تەواونەکرا" ئیدارەی پیرس بە خۆیاندا بچووبانەوە و لێنەگەڕابانایە دوا بڕیاری ئەنجامی یارییەکە بۆ یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی ئێراق بێت، بەڵکو لە نێوان خۆیان بە زووترین کات چارەسەریان بکردبایە، خۆ هیچ نەبێ هەردوو یانەکە کوردستانین و گرفتی لەمجۆرە پێویستی نەدەکرد هەموو خەڵکمان لێ بەئاگا بێت!!

**هەر بابەتێکی ئەم گۆشەیە، گوزارشت لە بیرو بۆچوونی خاوەنەکەی دەکات.**